# دادگای تایبەتی ئێراق: عارەبی سەر بەنەتەوەی گەلکوژ دەسەڵاتی دادگاکەیان بەدەستە

**شاخەوان شۆڕش**

## بەشی دووەم

### بەئێراقیکردینی دادگاکە, زیان گەیاندنە بە دۆزی کورد

دادگای تایبەتی ئێراق, دادگایەکە بەپێی یاسای نەتەوەیی ئێراقی و بە بەشداری داوەری ئێراقی بەڕێوە دەچێت. بەمجۆرە ئەو دادگایە بەئەگەری زۆر بێبەشە لە شارەزایی, توانا, ئەزموون, دەستپاکی و ڕەوایەتی کە لە دادگایەکی وەکو ئەوەی بۆ یوگوسلاڤیا یا ڕاوەندا تەرخانکراوە, دەبینرێت. یاساناس و مافناس و داوەرە شارەزاکانی بێگانە پێشیان لەو جۆرە داگایە پێدەگیرێ و تەنها ڕەنگە جاروبار پرسەخەسوانەیەکیان پێبکرێت و چیترنا. ئەگەر بێتو پەنا بۆ هەر یاسایەکی ئێراقی ببردرێت لەهەر سەردەم و کاتێکدا دارِشترابێت, ناتوانرێ لە گونجاوی و ڕەوایەتی یاساکان دڵنیابین. ئەو یاسایانە لەدایکبووی سیستەمی داسەپێنەرانە و داپلۆسێنەرانە بووین, ئەو یاسایانە دەرهاویشتەی سیستەمی نادیموکراسی و داخراو بووین, بۆیەش هیچ سەیر نییە کە خاڵ و برگەی دژ و ناتەبایان لەگەڵ یاسای نێونەتەوەیی تێدابێت.

دادگاکە بەو شێوەیەی کە هەیە واپێدەچێت ڕەوتێکی ئێراقیانە و مێنتال عارەبیانە بەسەریدا زاڵ دەبێت و بەپێی ڕەوتێک دەڕوا کە نەتەوەی باڵادەستی عارەب بەدڵیەتی, بوونی چەند چاودێر و ڕاوێژکاری بێگانە یا بوونی چەند داوەرێکی کورد زۆر واپێناچێ بتوانێ ئەو دیاردەیە بگۆڕێت. بەمشێوەیە مەترسی ئەوە زۆرە کە خواستێکی عارەبیانە و دژە کورد بەسەر دادگاکەدا زاڵ بێت. لەمبارەدا بوونی دیاردەیەکی ئاوا, زیان بە تەواوی دادگاییکردنەکانی پەیوەستدار بەکورد دەگەیەنێ و ئەنجامەکەی بەشێوەیێک ناکەوێتەوە کە قوربانیەکان و خەڵکی کوردستان خوازیاریانن.

بە ئێراقیکردنی دادگاکە ڕێگا خۆشکەرە بۆ دروستکردنی پێشگر و کۆسپ لە هەندێ کێشەی تایبەتدا, بۆنمونە بەرێوەبردنی هەندێ دادگایکردن بە داخراوی و ڕێگا لە میدیا گرتن. ئەمە جگە لەوەی کەسانی دەسەڵاتداری عارەب وەکو لەووتەکانیاندا دەخوێندرێتەوە, هەوڵ دەدەن داگاکە بکەنە داگای براوە دژی دۆڕاو, بەمجۆرە دوورکەوتنەوە لە پرەنسیپەکانی دادگاییکردنێکی ڕەوا و چاوپۆشیکردن لە گەلێ تاوان یا ئەو تاوانبارانەی هەواداری خۆیانن.

لە بارێکدا کە ڕەوتی عارەبیانە و ئێراقیانە کە زۆر واپێدەچێ بەسەر دادگا تایبەتیەکەی ئێراقدا زاڵە, مەترسی شێواندن و پەناوپێچ دروستکردن یا خۆپاراستن لە چۆنیتی و جۆری تۆمەتبارکردن دێنێتە ئاراوە. بۆنمونە (سەدام) بە تاوانی دژی مرۆڤایەتی تۆمەتبارکراوە. ئەوە خۆی لەخۆیدا گەلێ پرسیار و گومان دروست دەکات. لەخوێندنەوەی بەیانەکەی تۆمەتبارکردنی سەدامدا ناوی تاوانی گەلکوژی[1] ناهێندرێت. تاوانی دژی مرۆڤایەتی بە پێی (ئای سی سی) "دادگای نێونەتەوەیی بۆ تاوانکاری" ئەوە تاوانکاری وەکو پاکتاوکردن, کوشتن, کۆیلەکردن و 9 نۆ جۆری دیکەی تاوان دەگرێتەوە کە هیچیان گەلکوژی نین. لای ئای سی سی  گەلکوژی لە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی گەورەترە بۆیە لە سەرووی ئەویش دانراوە. ئەم دادگایە تاوانەکان دابەشی سەر چوار جۆر دەکات: 1. تاوانی گەلکوژی 2. تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی 3. تاوانی جەنگ 4. تاوانی هێرش, توندوتیژی و دژایەتی[2]. بەکورتی تاوانی گەلکوژی شوێنی یەکەم و تایبەتی دراوەتێ, هەرچی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتیە بە پلە دوو دێت. ئاشکرایە ئەو دوو جۆری تاوانە هەریەکەیان بەهای تایبەت و لەیەکتر جیایان هەیە, هەریەکەیان پێناسە و گوزاشتێکی جودایان هەیە, بۆیەش هەر تاوانکاریەک بەپێی تەبایی لەگەڵ بەهاکانی ئەو تاوانکاریانەدا دەتوانرێ لەژێر ئەواندا شوێنی بۆ بکرێتەوە. گەر تاوانکاریەک لەگەڵ بەلایەنی کەم یەکێ لەبەهاکانی تاوانی گەلکوژی گونجاو نەبێت, ئەوا ئەو تاوانکاریە ناتوانرێت بە گەلکوژی دابنرێت. بەمجۆرە ئەو دوو تاوانەی گەلکوژی و دژ بە مرۆڤایەتی بەپێی "یاسای نێونەتەوەیی بۆ تاوانکاری" لەیەکتر جیاکراونەتەوە و جیاوازن. دەکرێ تاوانی گەلکوژی بە تاوانێکی دژە مرۆڤایەتی یا گەورەترین تاوانی دژی مرۆڤایەتی دابندرێت, بەڵام بەپێی گوزارشتە یاساییەکە, گەلکوژی یەکسان نییە بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی. ئەوە تارِادەیەک ناڕوونی و نادیاریەکی سەبارەت بە بەکارهێنان و واتای ئەو دوو چەمکە دروست کردووە. دیارە گەلێ جار تاوانی گەلکوژی بە یەکێ لە بەهاکانی تاوانی دژی مرۆڤایەتی دادەنرێت یا یەکسان بە تاوانی دژی مرۆڤایەتی دەکرێت و بەیەک واتا سەیریان دەکرێت, بەڵام ئەوە لەڕاستیدا تێکەڵکردنی دوو تاوانی لەیەکدی جیاوازن, گەر لەڕوانگەیەکی یاساییەوە سەیریان بکەین. ڕەنگە ئەو تاوانبارکردنەی سەدام بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لەلایەن دادگای تایبەتی ئێراقیەوە لە ڕوانگەی ئەو تێگەیشتنەوە بێت و مەبەستیان گەلکوژی بێت یا مەبەستیان ئەوە بێت کە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لەسەرووی هەموو

---

[1] تاوانی گەلکوژی (ژەنۆساید) تاوانێکە بەگەورەترین تاوان دادەندرێت کە لە دژی نەتەوەیەک, گروپێک یا کەمینەیەک ئەنجام دەدرێت. گەلکوژی ئەو کاتە ڕوودەدات کاتێ تاوانبار بە هوشیاریەوە هەوڵی لەناوبردنی بەشێکی یا تەواوی نەتەوەیەک یا کەمینەیەک دەدات, واتە کردارەکە بە مەبەستی ڕەشکردنەوە و لەناوبردنەوە دەکرێت. بۆ خوێندنەوە و زانیاری زیاتر سەبارەت بە پێناسەی یوئێن بۆ گەلکوژی سەیری ئەم سایتە بکە.
http://www.hrweb.org/legal/genocide.html

[2] http://www.un.org/law/icc/statute/romefra.htm بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە

تاوانەکاندایە لەوانە گەلکوژی. ئەگەر وابێت, ئەوە تێگەیشتنێکی شێواوە و بەپێچەوانەی ئەوەیە کە ئای سی سی ئاماژەی بۆ دەکات. ئەوە بەڵگەی ئەوەیە ئەو دادگا تایبەتیە ئێراقیە کێشەی لە پێناسە و ناسینی تاوانەکاندا هەیە.

بەکردەوە و لە پراکتیکیشدا ئەو دوو تاوانکاریە لەیەکتر جیا دەکرێنەوە و تاوانی گەلکوژی لەسەرووی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی دادەندرێت, بۆنمونە دەکرێ تاوانبارێک بە تاوانی دژی مرۆڤایەتی تاوانبار بکرێت, بەڵام نەتوانرێت بە تاوانی گەلکوژی تاوانبار بکرێت. بۆنمونە لەدادگای نێونەتەوەیی بۆ تاوانکاریەکانی یوگوسلاڤیا لە ئەپریلی 2004 دا, نەتوانرا تاوانبار (ڕادیسلاڤ کریستیچ) بە تاوانی گەلکوژی تاوانبار بکرێت, بەڵام بە هاریکاریکردنی گەلکوژی تاوانبار کراو 35 ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە[3]. (زۆران ڤۆکۆڤیک) لە 1999دا بەتاوانی دژی مرۆڤایەتی تاوانبارکراو 12 ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە[4].

تاوانی گەلکوژی لەهەموو تاوانێک گەورەترە و بۆیەش تاوانکارانی گەلکوژی توندترین سزایان بۆ دەبڕێتەوە. دەتوانرێ سەدامی دیکتاتۆر بە تاوانی گەلکوژی لە چەندین دۆزدا تۆمەتبار بکرێت و دادگایی بکرێت, وەکو کوشتنی بەکۆمەڵی بارزانیەکان, کیمیابارانی هەڵەبجە و هێرشی ئەنفال. دیارە زۆربەی تاوانبارانی دیکەی وەکو عەلی کیمیاوی, نەزار خەزرەجی, تەها یاسین رەمەزان و ئەوانی تر بەهەمان شێوە.

بەئێراقیکردنی دادگاکە و دادگاییکردنەکان زیانی بۆ دۆزی کورد بەئەگەری زۆر هەیە لەوانە, هێشتنەوەی کارەساتەکانی: بارزانیەکان, هەڵەبجە, ئەنفال[5] و پاکتاوی فەیلیەکان و تاوانی دیکە لە چوارچێوەی ئێراقدا. بەمجۆرە کەمتر فراوان بوونی بانگ و هاواری قوربانیەکان و نەتەوەی قوربانی (کورد) لەسەر ئاستی جیهانیدا. بەکارهێنانی یاسای ئێراقی و داوەری ئێراقی ڕێگا لەبەر دەم ئاشکراکردنی کوشندەیی و تاوانەکان بە جۆرێکی کاریگەر و بەشێوەیێ کە سوود بە دۆزی کورد بگەیەنێ دەگرێت. هەوڵ دەدات کێشەکە لە چوارچێوەی ئێراقدا دەرنەچێ و گەورەیی تاوانەکان سنورەکانی ئێراق نەبەزێنێ, گەر بشبەزێنێ سنوردار بێت. واتە قەوارەی تاوانەکان بچوک بکرێنەوە و لە ئاستی ئێراق تێنەپەڕێ. بەئێراقیکردنی دادگاکە, وادەکات بۆ داوەران و شارەزایانی جیهانی ئاسان نەبێت, سەخت بێت, پڕکۆسپ و کێشە بێت و هەر بەلاچونێکی دادگاکە ماندووبوونی زۆر بگرێتە خۆی, کە وا بکات ئەوان کەمتر نزیکی پرۆسەکە و جۆر و گەورەیی تاوانەکان بکەونەوە یا وابکات هەر بەیەکجاری هەندێکیان بێزاربن و دوور بکەونەوە. بەئەگەری زۆر مێنتالی عارەبانەی داوەرە ئێراقیەکان دژایەتی ڕۆژئاوا دەگرێتەخۆی, بۆیە ئەوە وادەکات ئەوان حەز بە چارەی داوەران و شارەزایانی جیهانی نەکەن, ئەوە دەکرێ وابکات هاوکاریان نەکەن و کۆسپیان بۆ دروست بکەن. داوەرە عارەبە ئێراقیەکان بەئەگەری زۆر خۆیان پێ لەداوەری ڕۆژئاوایی کەمتر نییە و بەمشێوەیە ئەوان ئامادەنین پەنا ببەنەبەر شارەزایی و لێزانی داوەری ڕۆژئاوایی, چونکە ئەوان لەو ڕوانگەیەوە پێیان وادەبێ ئەوە کەمایەتیە بۆ توانا و شارەزایی ئەوان. هەروەکو چۆن پێیان وابوو ئەگەر دادگاکە بکرێتە نێونەتەوەیی ئەوا دەبێتە کەمایەتی بۆ ئێراق (بەگوتنی د. محەمەد ئیحسان). دیارە واپێناچێ ئەوان دژی ئەوەبن کە سوود لە داوەری وڵاتانی عارەبی وەرگرن, چونکە ئەوانیش عارەبن و باشتر لەمەبەستی عارەبیانەی یەکتر دەگەن. یارمەتی هەر داوەرێکی عارەبی نائێراقیش لەژێر ناوی یوئێن, بەئەگەری زۆر وەکو ئەوەی ئەخزەر ئبراهیمی دژەکورد دەبێت.

شێوەی بیرکردنەوەی داوەرە عارەب و ئێراقیە دەسەڵاتدارەکان واتە مێنتالی ئەوان بەشێوەیەکە کە بەئەگەری زۆر حەز بە فراوانبوونی تاوانە دژ بەکوردەکان ناکەن و ناشیانەوێ ئەو دادگاییکردنانە بە جۆرێک بن کە قازانج بە دۆزی کورد لەسەر ئاستی جیهانی بگەیەنێت. شارەزایان, تیۆرکاران و لێکۆلیارانی جیهانی بەردەمیان سنوردار دەکرێت و بۆ ئەوان بەو ئاسانیە نابێت کە بتوانن لەسەر تاوانەکان بکۆڵنەوە و بنووسنەوە. بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە کەوا ئەوەی لەسەر تاوانەکانی ناو یوگوسلاڤیا و ڕاوەندا نووسرا و گوترا, سەبارەت بە تاوانەکانی دژ بە کورد وانەبێ, ئەگەربشبێ تێکەڵ بەتاوانەکانی دیکەی ناو ئێراق بکرێت, جوداییەکە ڕەشکرێتەوە و لەوناوەدا بزربکرێت, بەمجۆرە ناکاریگەرتر و کەم سوودتر بن. شایانی گوتنە تا ئێستا بەسەدان وتار و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو تاوانانەی یوگوسلاڤیا و ڕاوەندا نووسراون, بەڵام سەبارەت بە تاوانەکانی دژ بە کورد زۆر کەم نووسراوە و گوتراوە, ئەوەش واتای کەمتر ناساندنی دۆزی کوردە بە جیهان, واتای ئەوەیە خەڵکی جیهان کەمتر ئاگاداری ئەو تاوانانەن کە دژ بە کورد کراون, لەگەڵ ئەوەی تاوانکاریەکانی دژ بەکورد زۆر کۆنترن لەوانەی یوگوسلاڤیا و ڕاوەندا. واتە بەئێراقیکردنی دادگاکە بواری ناساندنی ئەو تاوانانە لەسەر ئاستی جیهانی کەمتر دەکاتەوە و کورد کەمتر دەتوانێ سوود لەو تاوانکاریانە لەئاستی جیهانیدا بۆ کێشەکەی وەرگرێت. دادگای بە ئێراقیکراو و داوەرانی عارەب بەئەگەری زۆر عارەبانە و ئێراقیانە دەڕواننە ئەو تاوانکاریانە و حەز بەوە ناکەن کورد بیەوێ ئەو تاوانکاریانە بۆ کێشەکەی لەسەر ئاستی جیهانی بەکار بهێنێت. نووسەرێک, ڕۆژنامەنووسێک, لێکۆلیارێک یا هەر کەسێکی پسپۆری دیکە بیەوێ و ئارەزووی نووسین و لێکۆڵینەوە لەسەر تاوانکاریەکانی دژ بەکورد بکات, بۆی ئاسانتر دەبوو گەر دادگاکە لە دەرەوەی ئێراق و ئەنتەرناسیونال بایە. ئەوە چ لەبارەی خەرجیەوە, چ سەبارەت بە ئاسایشەوە یا کۆسپی دیکەی چاوەڕوان نەکراوەوە, ئاشکرایە دادگای ئەنتەرناسیونال ئەگەری ڕێکوپێکی کارەکانی و ڕاگەیاندنی لەئاستێکی زۆر بەرزتر و پرۆفیسیۆنالانەترە لە دادگایەکی تایبەتی ئێراقی دەورەدراو بە کێشە و کەموکوڕی. ئێستا ئەگەری دواکەوتنی دادگاکردنەکان زۆرە بە هۆی نەبوونی ئارامی و ئاسایش. ئەگەر دادگاکە لە دەرەوە و شوێنێکی وەک ئەوروپا بایە ئەو کێشەیە نەدەبوو.

---

3 Prosecutor v. Radislav Krstic: Judgement, 19 April 2004, case No: IT-98-33-T, pp. 1-13. www.itcy.org/judgment بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە

4 http://www.un.org/icty/kunarac/appeal/judgement/index.htmبۆ زانیاری زاتر بڕوانە

5 تائێستا تەنها تاوانی ئەنفال (هەڵەبجەش لەگەڵیدا) وەکو تاوانی گەلکوژی لەلایەن کۆمەڵێ لە شارەزایاندا پەسندکراوە. بەشێوەیەکی یاسایی و لەدادگایەکی نێونەتەوەیی هیچ تاونێک لەو تاوانانەی دژ بەکورد کراون بەفەرمی وەکو تاوانی گەلکوژی نەناسێندراون.

گەر بهاتبایە دادگاکە نێونەتەوەیی بایە و وەکو ئەوەی یوگوسلاڤیا یا ڕاوەندا بایە، ئەوا دەرفەتێکی باش دەکەوتە بەردەمی کورد کەوا کێشەکەی و ڕەوایەتی دۆزەکەی لە ڕوانگەیەکی دیکەوە و لە کەناڵێکی کاریگەری دیکەوە بە کۆمەڵگەی جیهانی بناسێنێ. ئەوە دەیتوانی وابکات ڕەوایەتی کێشەکەی باشتر و زۆر زیاتر بە زۆرترین ژمارەی خەڵکی جیهان بگەیەنێت. کارەساتی ئەنفال، بارزانیەکان، هەڵەبجە و فەیلیەکان باشترین و بە هێزترین کارتی دەستی کورد دەبوون بۆ بەرە و پێشەوەبردنی کێشەکەی لە ئاراستەیەکی گونجاودا و بەمجۆرە شکاندنی تابووەکان و کۆنسێپتی نکۆڵیکردنی مافی کورد. گومان لەوەدا نییە و دەبێ دان بەو ڕاستیە دابنێین کەوا بەئێراقیکردنی کێشەی کورد لە باشور و ڕەوتی ئێراقچیەتی زیانی خۆی هەر دەگەیاند و دەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێموایە ئەگەری سوود وەرگرتن لە تاوانەکان بۆ دۆزی کورد زۆر باشتر دەبوو لەوەی کە ئێستا هەیە. بەئەگەری زۆر دادگاییکردنەکان زۆر باشتر و ڕەواتر دەبوون لەوەی لە دادگا ئێراقیەکە چاوەڕوان دەکرێت. بەئەگەری زۆر کورد دەیتوانی و دەکرا ئەو تاوانکاریانە بۆ مسۆگەرکردنی گەرەنتی نێونەتەوەیی بۆ دووبارەنەبوونەوەی ئەو تاوانکاریانە بەکاربهێنێت، ئەگەر دادگاکە نێونەتەوەیی بوایە.

بەئێراقیکردنی دادگاکە دەکرێ گەلێ هۆی ڕامیاری لەپشتەوە بێت، لەوانە دەکرێ بۆ شاردنەوەی گەلێ ڕاستی و بەڵگە کە ئاشکراکردنیان بۆ هەموو لایەنگرانی مرۆڤایەتی، ئازادیخوازان و ئاشتی خوازان سوودی خۆی دەبوو. بەپێی گەلێ بۆچوون، ئەمەریکا و گەلێ وڵاتی ڕۆژئاوا ئارەزووی دادگایەکی کراوەی ڕەوا و بێلایەن کە بیەوێ ڕاستیەکان ئاشکرا بکات، ناکەن. بەهەمان شێوە وڵاتانی داگیرکەر، وڵاتانی عارەبی، ئۆپۆزیشیۆنی ئێراقی و دەسەڵاتدارانی کوردیش لەگەڵیاندا. بەئێراقیکردنی دادگاکە دەرگای بواری کۆنترۆلکردن بۆ ئەمەریکا و عارەبی دەسەڵاتدار دەخاتە سەر پشت و ئەوان بەئەگەری زۆر دادگاکە بەشێوەیەک بەڕێوەدەبەن کە خۆیان گەرەکیانە. بۆنمونە ئەوەی لە یەکەم دەرکەوتنی سەدام لەدادگاکە دەرکەوت ئەو بۆچوونە دەسەڵمێنن. دادگاکە جگە لەوەی شتێکی سەیر بوو، جگە لە کۆمەڵێک کەموکوڕی، کراوە نەبوو و ئەوەی پیشاندرا ئەوە بوو کە ئەوان خۆیان دەیانویست. ئەگەر دادگاکە نێونەتەوەیی بایە بواری کەنترۆل و دەستێوەردان زۆر سنوردار دەبوو، بەمجۆرە بواری ئاشکرابوونی ڕاستیە شاراوەکانی ڕابردوو زیاتر دەبوون. هۆیەکی دیکەی بە ئێراقیکردنی دادگاکە دەکرێ لەبەر نەبوونی سزای کوشتن لە دادگای نێونەتەوەییدا بووبێ. دادگای نێونەتەوەیی دژی سزای کوشتنە و توندترین سزا، سزای زیندانکردنی هەمیشەییە. دیارە دەکرا یا ڕەنگە بتوانرابایە جۆرە ڕێکەوتنێک لەم بارەیەوە بکرێت گەر هەوڵی بۆ درابا، بەڵام وەکو دەرکەوت هیچ هەوڵێک لەم بارەیەوە نەدرا و واپێدەچێ خەڵک زۆرن کە لە کوشتنی سەدام بەپەلەن. بەگۆتەی دکتۆر محەمەد ئیحسانی وەزیری مافی مرۆڤی بەڕێوەبەرایەتی هەولێر[6]، لەبەر ئەوەبوو چونکە ئێراقیەکان پێیان کەمایەتی بۆ سیادەی ئێراق بوو. دادگای نێونەتەوەیی زۆر دەکێشێ و بەمە سەدام ئیسراحەت دەکات. سەدام دەتوانێ بەئاسانی بە ڕێگایەکی ناشەرعی بەرگری لەخۆی بکات. دەبێتە هەڵمەتێکی ئیعلامی بۆسەدام و دۆستانیان. وردبوونەوە لەو گۆتانە گەلێ پرسیار بە ناچاری دروست دەکەن. کێن ئەو ئێراقیانەی پێیان وایە دادگایەکی نێونەتەوەیی دەبووە کەمایەتی بۆ سەروەری ئێراق؟ مەبەست عارەبەکانە یا کوردیش لەگەڵیاندا؟ ئەو هەڵوێستە زیاتر لەهی عارەبان دەچێت و عارەبیانەیە. نازانم کوردە ئێراقچیەکان لەمەدا هەڵوێستیان چی بووە. ئایا دادگای نێونەتەوەیی بۆ یوگوسلاڤیا و ڕاوەندا بووەهۆی کەمایەتی بۆ یوگوسلاڤیا و ڕاوەندا یا بووە یارمەتی بۆ ئەوان؟ دادگاکردنی ڕەوا و تێروتەسەل کاتی دەوێ و ئاساییە یەکدوو ساڵ یا زیاتری پێ بچێت، گرنگ لێرەدا دادگاکردنێکی ڕەوایە نەک پەلەکردن لە سزادان بەبێ دادگاکردنێکی گونجاو. لەدادگای نێونەتەوەیی زۆر سەختە و بەڵکو ڕێگای ناچیتێ تاوانبارێک هەروا بەئاسانی بتوانێ بەرگریی بە ڕێگای نایاسایی لەخۆی بکات. تا ئێستا کەسێ لەو تاوانبارانەی دراونەتە ئەو دادگا نێونەتەوەییانە توانیویانە نایاساییانە یا لە ڕێگای ناڕەوا بەرگری لەخۆیان بکەن؟! من نەمزانیووە و نەمبیستووە. پاشان ئەگەر یەکێ بڕوای بە دیموکراسیەت و ڕەوایەتی و مافەکانی مرۆڤ هەبێت، دەبێت بڕواشی بەوە هەبێت کەوا تاوانبارانیش مافی بەرگری و دوانیان هەیە. بەئەگەری زۆر تازە سەدامی دیکتاتۆر ئیشی تەواو و بووە مێژوو، سەدام و تاوانبارانی دیکە چۆن دەتوانن لە دەیان تەن بەڵگە و سەدان و هەزاران دیتەر (شایەد) خۆیان دەرباز بکەن. ڕێگادان بە سەدام بە دوان و بەرگری لەخۆکردن، بەئەگەری زۆر بۆ باشتر تێگەیشتن لە ڕاستیەکان یارمەتیدەر دەبوو. بەڵام واپێدەچێ خەڵکێکی زۆر حەز بە ئاشکرابوونی ڕاستیەکان بەبەرفراوانی ناکەن. ئەوەی من لەو گۆتانەی دکتۆر محەمەد دەیخوێنمەوە: زاڵی عارەب و مێنتالی ئەوانە بەسەر دادگاکە، خۆ بەزلزانینی عارەبە، هەوڵی شاردنەوەی ڕاستیەکانە، حەزنەکردن و بڕوانەبوون بە ڕۆژئاوایە، بڕوا نەبوون بە دادگایەکی ڕەوایە، بڕوا نەبوون بە مافی مرۆڤە و لەکوشتنی سەدام پەلەکردنە. سەیر لەوەدایە دکتۆر محەمەد ئیحسان چاوەڕانی ئەوە دەکات یا "پێی خۆشە" ئەم دادگا ئێراقیە ببێتە دادگایکردنی عەقلیەت و کەلتوری توندوتیژی. ئەگەر باس لە مێنتال وکەلتوری توندوتیژی بکەین، دەبێ بپرسین کامە سەرۆکی ئێراقی و لە کامە سەردەم ئەوان دڕندانە و دیکتاتۆرانە نەجوڵاینەوە؟ دەبێ کورد چی دیکەی لەلایەن دەسەڵاتدارانی عارەبەوە لە دژدا بکرێت، تاکو لە مەرامی ئەوان بگات؟ دەبێ ئێمە چەند ساویلکە بین تاکو چاوەڕوانی ئەوە لە عارەبان بکەین، ئەوان خۆیان دادگایی کەلتور و مێنتالی خۆیان بکەن؟! سەیرە عارەبی ئێراقی کە خۆیان زۆرینەی باڵادەست و دەسەڵاتداری پرۆسەی دادگاییەکانن، لەبەرچی دەبێ ئامادەبن دادگایی مێنتال و کەلتوری خۆیان بکەن؟! گومانی زۆر لەوەدایە ئەوان هیچ خەوشێک لە مێنتال و کەلتوری خۆیاندا ببینن یا پێیان وابێت مێنتال و بیرکردنەوەی ئەوان خەوشێکی تێدا هەیە. دکتۆر محەمەد خۆیشی گومانی لە دەسەڵاتدارانی عارەب هەیە! نامەوێ زیاتر لەسەر ئەو دیمانەیە بڕۆم، ئەگەرنا ڕەخنە و تێبینم زۆر زیاترە.

---

[6] 11.10.2004 دیمانەیەکی کوردستان نێت لەگەڵ دکتۆر محەمەد ئیحسان وەزیری مافی مرۆڤ .... کوردستان نێت

## دادگا و پرۆسەیەکی ناڕەوا: عارەبی سەر بەنەتەوەی گەلکوژ دەسەلاتی دادگاکەی بەدەستە

بەئێراقیکردنی دادگاکردنی تاوانبارانی گەلکوژی و تاوانەکانی دیکە واتای ئەوەیە, ئەوانەی ئەمڕۆ بوونەتە دەسەلاتدار و داوەر و دەیانەوێ تاوانباران دادگایی بکەن بەئەگەری زۆر ئەوانە خۆیان لەژێر یەکێ یا زیاتری ئەو دەستەواژانەدا دەدۆزنەوە: ئەو عارەبانەی دوێنێ پیاوی بەعس بوون, لایەنگری بەعس بوون, بەشداری کورد کوژیان کرد یا لە کورد کوژی بێدەنگ بوون و ملکەچی فەرمانی رژێمی بەعس بوون, بەعسی بوون و لەدەستی بەعس ڕایانکرد و بوونە بەناو بەرهەلستکار, یا وەکو زۆربەی عارەبان هەلوێستێکی نەگەتیڤ و ڕەخنەگرانەیان بەرامبەر بە کورد هەیە. گومان لەوەدا نییە زۆربەی هەرەزۆری عارەبی ئێراقی بەعسی بووین! کامە داوەری ئێراقی توانیویەتی بەعسی نەبێت؟! ئەیاد عەلاوی سەرۆکی ئێستای ئێراق لەسەردەمێکدا بەعسیەکی چالاک و دلسۆز بووە! غازی یاوەر کە بەلای بارزانی و تالەبانی دۆستی کوردە, لە چاوپێکەوتنێکی لەگەل تەلەڤیزیۆنی ئەلعەرەبیەدا, ڕاشکاوانە دژی مافی چارەنوسی کوردان دوا و لایەنگرانی ڕەوتی ڕیفەراندەمی بە ناپاک و داواکاریەکەیانی بە ناپاکی بەرامبەر بەنیشتیمانی ئێراق دانا. لێرەدا پرسیاری گونجاو ئەوەیە, ئایا قوربانیەکانی هەلەبجە و ئەنفال, کە بەدەستی عارەبان گەلکوژکران, ئایا ئەوان تەبان لەسەر ئەوەی عارەبی موسل و بەغدا و بەسرا و هتد. ببنە داوەر و دادگایی تاوانبارانی گەلکوژیەکەی ئەنفال بکەن؟ ئایا نەدەبوو پرسێک بەو قوربانیانە بکرێت, پرسێک بەو نەتەوە ژێردەستەی 80 سالە بەئاگر و ئاسن لەلایەن عارەبانەوە هەولی لەناوبردن و تواندنەوە و بەئێراقیکردنی دەدرێت, بکرێت و لێیان بپرسن ئاخۆ کێ ڕەوایەتی دادگاییکردنی تاوانبارانی گەلکوژی و پاکتاوی کوردی هەیە؟ ئایا ئەوان و پەسندی ئەوە دەکەن خەلکی سەر بە نەتەوەی گەلکوژ بە دادگاییکردنەکان هەلسن؟ بۆئەوەی باشتر لەو پرسیارە بگەین, دەکرێ بپرسین, ئایا جولەکەکان هەلوێستیان چی دەبوو گەر بهاتبایە ئەلمانەکان ئەوجارەیان لەژێرناوی داوەر و ماف دۆست, بەدادگاییکردنی تاوانبارە نازیەکان هەلسابان؟! ئایا ئەرمەنیەکان هەلوێستیان چی دەبێت, گەر پێیان بلێن, ئەوا تورکەکان دادگایی تاوانبارانی گەلکوژیەکەی دژی ئەرمەن دەکەن؟! ئایا نەتەوەی ئەرمەن ئەوە پەسند دەکەن؟ ئایا بۆسنیەکانی سرێبرەنیسا دەیانتوانی پەسندی ئەوە بکەن کەوا سربەکان دادگایی تاوانبارانی گەلکوژیەکەی سرێبرەنیسا بکەن؟ ئەگەر ئەرمەن, جولەکە و بۆسنی پەسندی ئەوە ناکەن نەتەوەی گەلکوژ و چەوسێنەر بەکاری دادگاکردن هەلبستێت یا بە هیچ جۆرێک ئەو پرسیارە بە مێشکیاندا ناتوانێ ڕەت بێت, ئەوە لەبەر ئەوەیە, یەکەم, ئەوان هیچ گومانیان لە ناڕەوایەتی پرۆسەکی ئاوا نییە. دووەم, نایانەوێ خۆیان لەخشتەببەن و بڕوا بەنەتەوەیەک بکەن کە دوێنێ ژەنۆسایدی کردن, پاشان چۆن پەسندی دادگا و داوەرێک دەکەن کە سەر بەنەتەوەی دوژمن و تاوانبارە. سێیەم, ئەوان بڕوایان بەخۆیان هەیە, خۆیان بە نەتەوەیەکی جیا دەزانن, خۆیان پێ لەنەتەوەی چەوسێنەر کەمتر نییە, کەسایەتیەکی ناسیونالانەی بەهێزیان هەیە و ئامادەنین زیان بە سەروەری خۆیان بگەیەنن. ئەو هەلوێستە نە توندڕەویە و نە ڕەگەزپەرستیە, ئەوە مافی ڕەوای هەر نەتەوەیەکی قوربانییە, دیارە هەموو جیهانیش ڕێزی بۆ هەلوێستی ئەوان هەیە. پێموایە ئەگەر قوربانیەکانی گەلکوژیەکەی ئەنفال بوار و مافی وەلامی ئەو پرسیارەیان هەبووایە, ئەگەر نەتەوەی بریندار و قوربانی کورد, بوار و مافی وەلامی ئەو پرسیارەیان هەبووایە, ئەوا وەلامەکەیان وەکو ئەوەی ئەرمەن, جولەکە و بۆسنیەکان دەبوو.

پەسندکردنی دادگای ئێراقی و داوەرانی عارەب لەلایەن دەسەلاتدارانی کورد دا, زیانێکی کوشندەی ئێراقچیەتیە کە بە ناسنامەی نەتەوایەتی کورد و کوردستان کەوت و دەکەوێت. چۆن دەکرێ عارەبی ئێراقی واتە خەلکی سەر بەنەتەوەی چەوسێنەر و ئەنفالچی, کە نەتەوەی دوژمن و تاوانبارە, بە دادگاییکردنی تاوانێک هەلبستێت, کە کەسانی سەر بە نەتەوەکەی خۆیان لێیان تاوانبارن؟ ئاشکرایە ئەو تاوانانە لەلایەن نەتەوەی عارەبی چەوسێنەر دژی نەتەوەی کوردی چەوساوە کراون, واتە ئەوانە دوو نەتەوەی جودان و تاوانەکەش پەیوەندی بە دوو نەتەوەی جوداوە هەیە. چۆن دەکرێ و ڕەوایە نەتەوەی عارەبی چەوسێنەر, دادگایی تاوانێک بکات کە دژی نەتەوەی چەوساوە و ژێردەستی خۆی کراوە؟ کورد چۆن پەسندی ئەوەی کرد و دەکات؟! دەسەلاتدارانی کورد چۆن توانیان پەسندی بەئێراقیکردنی ئەو تاوانانە بکەن؟ دەسەلاتدارانی کورد چۆن دەتوانن فایلی تاوانەکانی ئەنفال, هەلەبجە, بارزانیەکان و فەیلیەکان بخەنە بەردەستی داوەرێکی عارەبی سەر بە نەتەوەی چەوسێنەر و گەلکوژ؟ کەسایەتی ناسیونالانەی دەسەلاتدارانی کورد دەبێ چەندە شێواو, لاواز و نابووت بێ, کە ناتوانن ناڕەوایەتی پرۆسەیەکی ئاوا بەچاوی خۆیان ببین, یا وادەکات ئەوان بڕوا بە نەتەوەی کوردکوژ بکەن؟ بەلام وەکو ئاشکرایە دەسەلاتدارانی کورد ئەوها سەیری پرۆسەکە ناکەن و وەکو دیارە ئامادەن بڕوا بەنەتەوەی چەوسێنەر و گەلکوژی عارەب بکەن.

پێویستە بگوترێت کەوا تەنها خەلکێکی بێلایەن و ناعارەب, ڕەوایەتی ئەوەیان هەبوو و هەیە بەکاری ئەو پرۆسەیە لە چوارچێوەی دادگایەکی نێونەتەوەیی هەلبستن. ئێراقچیەتی و بە ئێراقیکردنی ناسنامەی کورد, بەهیچ شێوەیەک ناتوانێ ڕەوایەتی بداتە ئەو پرۆسەیە و ئەو دادگا تایبەتە ئێراقیە.

## بەئێراقیکردن و بچوککردنەوەی تاوانکاریەکانی دژ بە کورد

ئێراقچیەتی[7] چەند ڕەهەندێکی لەیەک جیای هەیە, دەکرێ بەنادری پشتگیری ئازادیەکی سنورداری کورد بێ و ناچارانە ڕێز بۆ ناسنامەی ڕەگەزی و کەلتوری کورد لە چوارچێوەیەکی سنورداردا دابنێت. بەلام لەلایەکی دیکە دەکرێ لەناوبردن و تواندنەوەی ڕەوتی کورستانی و

[7] ئێراقچیەتی کار بۆ مانەوە و بەهێزڕاگرتنی ستاتی ئێراق دەکات و کار بۆ جارێکیتر دروستکردنی ناسیۆنی ئێراق دەکات. بەو واتایە ناسنامەی ڕەگەزیی کورد, "عارەب"(دانانی چەمکی عارەب لەتەک ئەوانی دیکە, تەنها بۆ داپۆشینی مەبەستی ڕاستەقینەی ئێراقچیەتیە,

ناسنامەی کوردستانیبوون لە بۆتەی ئێراقیەت و ئێراقیبووندا بێنێتە بەرهەم (لەژێر ناوی ئازادی تاک و یەکسانی هاوڵاتیان) و وابکات کورد خەونی دروستکردنی ناسنامەیەکی سەربەخۆ بەیەکجاری لەبیر بکەن, بەمجۆرە سەرگرتنی ئەو پیلانەی سەدەیەکە دژی نەتەوەی کورد پیادە دەکرێت. دەسەڵاتدارانی کورد پیادەی ڕێچکەیەک دەکەن ئەو مەترسیە و مەترسی دووبارەبوونەوەی کارەساتەکانی تێدایە, بەشێوەیەکی دیکە ئەوان لە سەنگەری ئێراقچیەتی دان کە سەنگەرێکە هەوڵی بە ئێراقیکردنی دۆزی کورد بە هەموو بەهاکانیەوە دەدات. وەکو دەیبینین, تاوانەکانی گەلکوژی, پاکتاو و بەعارەبکردن کە دژ بەکورد ئەنجام دراون هێنراوەتەوە چوارچێوەی ئێراق, بەشێوەیەک کە لەگەڵ تاوانەکانی دیکەی ناو ئێراق لەیەک ڕیز دانراون و وەکو یەک سەیریان دەکرێت و بەتاوانکاریەکانی ڕژێمی سەدام بەستراونەتەوە. دەڵێن ڕژێمی بەعس تاوانکاری بەرامبەر بە هەموو گەلانی ئێراق کردووە, بەمشێوەیە لە چوارچێوەی ئێراقیبووندا و تێگەیشتنێکی ئێراقیانەدا دەبێ کێشەکان وەکو یەک سەیریان بکرێت. وەکو ئەوەی چۆن ئەمەریکا نایەوێ سەیری کێشەی کورد وەکو کێشەیەکی تایبەت و جیا بکات و لەگەڵ کێشەکانی دیکەی ئێراق وەکو یەکیان دادەنێت, دەسەڵاتدارانی کوردیش بەهۆی پۆلیتیکی ئێراقچیانەیان هەمان ڕەوتیان گرتۆتە بەر. بۆیەش ئەو هەوڵەی کە دەیەوێ تاوانەکانی ئەنفال, کیمیابارانی هەڵەبجە و کۆکوژیەکەی بارزانیەکان و پاکتاوی فەیلیەکان وەکو تاوانەکانی دیکەی ناو ئێراق تەماشا بکات, سەرچاوەکەی هەمان پۆلیتیکی بەئێراقیکردنی کێشەی کوردە, ئەوەیان بەشێوەیەکی دیکە و بە ڕێگایەکی دیکە. ئێمە چۆن (بەهۆی ڕەوتی بەهێزی ئێراقچیەتی باشوور) ناتوانین وەکو نەتەوەیەکی جیا و خاوەن ماف, پەسندکردنی ناسنامەی کوردبوونمان وەک ناسیۆنێکی ئازاد بەدەست بێنین و هەوڵی بە ئێراقیبوونمان دەدرێت و ناسنامەی ئێراقیەتمان بەسەردا دەسەپێندرێت, بەهەمان شێوەش ناتوانین ئەو تاوانانەی کە بۆ لەناوبردنمان لەلایەن نەتەوەی عارەبی چەوسێنەر و داگیرکەرەوە ئەنجام دراون, وەکو ئەوەی بۆسنیەکان, وەکو ئەوەی جولەکەکان و ئەرمەنیەکان لەسەر ئاستی جیهانی بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی وەکو پێویست بگەیەنین. ئەو پۆلیتیکە وادەکات کێشەکەمان لەئاستی ئێراق تێنەپەڕێت و کورد وەکو ئێراقی سەیریان بکرێت و تاوانەکانیش کە دژی کوردان ئەنجام دراون, دژی خەڵکی ئێراق ئەنجام دراون, هەر لەو ڕوانگەیەوەیە کە (تۆنی بلایەر) یا (کۆلن پاوەل) و ئەوانیتر دەڵێن, سەدام چەکی کیماوی و کۆمەڵکوژی دژی "خەڵکی خۆی" بەکار هێناوە. بەڵام ئایا ئەو تاوانانەی بەرامبەر بە کورد کراون تاوانێکە وەکو خەڵکی ئێراق دژمان کراوە؟ ئایا ئەو تاوانکاریانە و گەلکوژیەکەی ئەنفال لەڕوانگە و مەبەستێکی زۆر جیاوازتر لە تاوانکاریەکانی دیکە کە بەرامبەر بە شیعە یا خەڵکی دیکە کراون, نەبوو؟ ئایا هەر بەتەنها ڕژێمی بەعس بوو ویستی کورد لەناو ببات؟ ئایا ڕژێمەکانی دیکەی بەر لە بەعس, ڕۆژێ لە ڕۆژان هەوڵی لە ناوبردنی شیعە, تورکمان و ئاشوریان وەکو ئەوەی کورد دا. لەبەرچییە ئەو جیاوازیە؟! نەتەوەی کورد خاوەنی نیشتیمانێکە و لەلایەن وڵاتانی ناوچەکەوە لەنوێ کۆلۆنیکراوە, هەر وڵاتە بەدرێژایی مێژووی ڕابردوو و ئێستاشی لەگەڵدا بێت, هەوڵی تواندنەوەی ناسنامەی کورد دەدات. کورد هەموو ئەو بەهایانە دەگرێتە خۆی کە بوونی ناسیۆنێک دەسەلمێنن, بۆیە و ئەوە یەکێ لە هۆکارەکانە کە نەتوانراوە توانەوەی نەتەوەی کورد لە بۆتەی کۆمەڵگەیەکی تورکیایی, ئێرانی, ئێراقی یا سوریایی سەرکەوتوانە ئەنجام بدرێت. بەو واتایە کورد لە نەتەوەکانی ناوچەکە جودایە و هەوڵی پاراستنی ئەو جوداییە و بەها تایبەتیەکانی خۆی داوە و دەدات. هەوڵی تواندنەوەی نەتەوەی کورد لە بۆتەی کۆمەڵگەیەکی باڵادەستدا, هەمووکات لە ڕوانگەی ناسیونالیستانەوە بووە و هەوڵ دراوە ناسیۆنی کورد لە بۆتەی ناسیۆنە زاڵ و چەوسێنەرەکە بتوێنرێتەوە. هەرگیز نە وەکو هاوڵاتی نە وەکو مرۆڤێکی یەکسان لە ماف و ئەرک, سەیری مرۆڤی کورد لەلایەن نەتەوەی داگیرکەرەوە نەکراوە. هەمیشە و بەشێوە و میتۆدی جیا هەوڵ دراوە جیاوازی و مۆرکی نەتەوایەتی کورد وەکو نەتەوەیەکی جیا لەگەڵ نەتەوەی باڵادەست نەهێڵدرێت. بەمشێوەیە ئەو تاوانکاریانەی گەلکوژی و پاکتاوی ڕەگەزی کە دژی نەتەوەی کورد کراون, لەسەر بنچینەی ڕەگەزی هاتونەتە ئاراوە و مەبەستەکە لە ناوبردنی ناسیۆنێک بووە, ئەوە جیایە لەوەی کە لە بەرامبەر شیعەکاندا کراوە. حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێراق هەرگیز کەمینەیەکی وەکو تورکمان یا ئاشوری و کلدانیەکانیان بە هەڕەشە لەسەر خۆیان و یەکێتی خاکی ئێراق یا بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی خۆیان دانەناوە, یەکێ لە هۆیە سەرەکیەکان ئەوەیە کە ئەوانە خاوەنی خاک لە ئێراقدا نین و ناتوانن داوای خاک بکەن (ئاشکرایە ئاشوری و کلدانیەکان خەڵکی دێرینی ناوچەکەن بەڵام لەلایەک بە ژمارە زۆر کەمن لەلایەکی دیکە پەرتوبڵاون). هەوڵی تواندنەوەی ئەو کەمینانەش کەموزۆر دراوە, بەڵام هەرگیز لەڕوانگەی هەمان تێگەیشتن و لێکدانەوە کە بەرامبەر بە کورد هەیان بووە, نەبووە. ناکۆکی نێوان کورد و عارەبی دەسڵاتدار ناکۆکیەکی لەمێژینەی خوێناوی نەتەوایەتیە, شەڕێکی بێبەزەیانەی داگیرکەرانە بۆ مسۆگەرکردنی یەکجارەکی خاکێکە کە هی کوردە. بۆیە تاوانی گەلکوژی و پاکتاوی ڕەگەزی و تاوانەکانی دیکەی دژ بە مرۆڤایەتی کە دژی کورد کراون, وەکو ئەو تاوانکاریانەیە کە بەرامبەر بۆنمونە ئەرمەن و بۆسنیەکان کران. بۆیە, چۆن سەیرکردنی کێشەی کورد وەکو کێشەیەکی دیکەی ناو کێشەکانی ئێراق و گرنگی پێنەدانی وەکو کێشەیەکی جودا, بچوکردنەوە و کەم نرخکردنی کێشەی کوردە و هەروەها هەوڵی نەهێشتنی ئەو جیاوازیەیە کە کێشەکە بەکێشەی نێوان دوو نەتەوەی دژ بەیەک پیشان دەدات. بەهەمان شێوە سەیرکردنی تاوانەکانی ئەنفال و هەڵەبجە یا

---

ئەگینا ئێراقچیەتی و عارەبایەتی لەئێراقدا دوو دیوی یەک دراون) و ئاشوری و ئەوانی دیکە بە پلە دوو دێن, واتە ئەوانە پێش هەر شتێک ئێراقین. ئێراقچێتی دژی بەرزکردنەوەی ناسنامەی ڕەگەزیە بەسەر ناسنامەی ئێراقچیەتی و هەوڵ دەدات ئەو ناسنامانە لەبۆتەی خۆیدا بتاوێنێتەوە, گەر ئەوەش نەتوانێ ئەوا سنوردارانە دان بەو ناسنامانە ڕەگەزیانە دادەنێت. لەڕاستیدا ئێراقچیەتی لەبارە تۆخەکەیدا هەوڵی تواندنەوەی ئەو نەتەوانە لە بۆتەی نەتەوەی باڵادەستی عارەبدا دەدات, بۆیە کێشە لەنێوان عارەبایەتی و ئێراقچیەتیدا نییە. دیارە ئێراقچیەتی حەز بەهیچ دیاردەیەکی جیابوونەوە و خۆ جیاکردنەوە ناکات و بە پێی توانا دژیان دەوەستێت. وەکو ئاشکرایە نەتەوەی زۆرینەی عارەب, ئێراق و ئێراقچیەتی بەهی خۆی دەزانێ و خۆی لایەنێکی گرنگی داهێنانیەتی, بۆیەش شێلگیرانە پشتگیری دەکات.

**تاوانکاریەکانی دژ بە بارزانیەکان و فەیلیەکان وەکو تاوانکاریەکانی دیکەی ناو ئێراق, بچوکردنەوە و کەم نرخکردنی ئەو تاوانکاریانەیە کە بەرامبەر بە کورد کراون, هەروەها هەوڵی نەهێشتنی جیاوازیەکەیە. بەمجۆرە ئەوە زیانە بە ناسنامەی کورد و کوردستان دەگات.**

**ماویەتی ...**

**دانیمارک 27.10.2004**